# پەروەردگارت مافی هەیە بەسەرتەوە، ونەفست مافی هەیە بەسەرتەوە، وخێزانەکەت مافیان هەیە بەسەرتەوە، بۆیە هەریەکێک مافی خۆی پێبدە

لە ئەبی جوحەیفە وەهب کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەبایی وبرایەتی خستە نێوان سەلمان وئەبی دەردائەوە، سەلمان سەردانی ئەبی دەردائی کرد، بینی دایکی دەرداء جلێکی کۆنی لەبەردایە، ووتی: ئەوە بۆچی ئاوایت؟ ووتی: براکەت ئەبو دەرداء هیچ گرنگیەک بەم دونیایە نادات، ئەبو دەرداء هات وخواردنی بۆ دروستکرد، وپێی ووت: بخۆ من بەڕۆژووم، ووتی: من ناخۆم هەتاوەکو تۆ دەخۆیت ئینجا منیش دەخۆم، کاتێک شەو هات ئەبو دەرداء چوو بۆ ئەوەی شەونوێژ بکات، پێی ووت: بخەوە، وخەوت، پاشان هەستا بۆئەوەی شەونوێژ بکات، پێی ووت: بخەوە، کاتێک گەیشتنە کۆتایی شەو سەلمان پێی ووت: ئێستا هەستە، بۆیە پێکەوە نوێژیان کرد، سەلمان پێی ووت: «پەروەردگارت مافی هەیە بەسەرتەوە، ونەفست مافی هەیە بەسەرتەوە، وخێزانەکەت مافیان هەیە بەسەرتەوە، بۆیە هەریەکێک مافی خۆی پێبدە»، ئەبو دەرداء هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆی باسکرد، ئەویش فەرمووی: «سەلمان ڕاستگۆ بوو».

[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گرێبەستی تەبایی وبرایەتی خستە نێوان سەلمان وئەبی دەردائەوە، سەلمان سەردانی ئەبی دەردائی کرد، بینی دایکی دەرداء جلێکی جوانی لەبەردا نییە بەڵکو جلێکی کۆنی لەبەردایە، پرسیاری لێی کرد سەبارەت بە ئەمە ئەویش پێی ووت: کە ئەبی دەرداء پشتی لە دونیا وخێزان وخواردن وهەموو شتێک کردووە. کاتێک ئەبو دەرداء هات وخواردنی بۆ سەلمان دروستکرد وپێشکەشی کرد وئەبو دەرداء بەڕۆژوو بوو، سەلمان فەرمانی پێیکرد کە ڕۆژووەکەی بشکێنێت چونکە دەیزانی بەردەوام ڕۆژوو دەگرێت، بۆیە ئەبو دەرادء خواردنی خوارد وپاشان کاتێک ئەبو دەرداء ویستی شەونوێژ بکات سەلمان فەرمانی پێیکرد بخەوێت هەتاوەکو کۆتایی شەو، کاتێک گەیشتنە کۆتایی شەو هەستان وهەموویان نوێژیان کرد، سەلمان ویستی ڕوونی بکاتەوە بۆ ئەبو دەرداء کە مرۆڤ نابێت زۆر لە خۆی بکات بە ڕۆژووگرتن وشەونوێژ کردن بەڵکو نوێژ دەکات وشەونوێژ دەکات بۆئەوەی خێر وچاکەی دەستبکەوێـت بە ئەویەپڕی دڵنیایی وئارامیەوە پاش ئەوەی ناخۆشی وناڕەحەتی لەسەر لادەچێت، چونکە مرۆڤ کاتێک ماندوو بێت ناتوانێت پەرستنەکان بە جوانی ئەنجام بدات، وپێی ووت: (پەروەردگارت مافی هەیە بەسەرتەوە، ونەفست مافی هەیە بەسەرتەوە، وخێزانەکەت مافیان هەیە بەسەرتەوە، بۆیە هەریەکێک مافی خۆی پێبدە)، پاشان ئەبو دەرداء هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وئەمەی بۆی باسکرد، ئەویش فەرمووی: ((سەلمان ڕاستگۆ بوو)).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5801

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee